KOREK

ساندویچ خواردنەکەی درۆ بوو..

# گۆڵپارێزە قەڵەوەکە ساختەچی دەرچوو





دوای تەنیا چەند کاژێرێک لە خواردنی ساندویچکە لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی ئارسینال، دەرکەوت کە گۆڵپارێزە قەڵەوەکەی یانەی ساتۆن یونایتدی ئینگلیزی بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیایەکی گرەوکاری ئەو کارەی کردووە.

دوای ئەوەی هەفتەی رابردوو واین شاوی گۆڵپارێزی قەڵەوی یانەی ساتۆن یونایتدی ئینگلیزی، لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی یانەی ئارسینال لە چوارچێوەی جامی یەکێتی ئینگلتەرا سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی راکێشا، کاتێک لەنێو یاریزانە یەدەگەکانی یانەکەی خەریکی ساندویچ خواردن بوو، دەرکەوت ئەو گۆڵپارێزە بۆ فێڵێک ئەو ساندویچە لەو کاتەدا دەخوات، نەک بەهۆی برسییەتی وەک ئەوەی خۆی نیشانی زوومی کامێراکانی دا». دوای ئەو هەرایەی کە شاو نایەوە، بە چەند کاژێرێک دەرکەوت کە کۆمپانیایەکی گرەوکاری لەگەڵ شاو رێککەوتووە لە کاتی یارییدا ساندویچێک بخوات، چونکە خەڵکێکی زۆر گرەویان لەسەر ئەوە کردووە. ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرایەو نابێ هیچ یاریزانێک یارمەتی کۆمپانیاکانی گرەوکاری بدات.

لەدوای ئەو رووداوە شاو ریزەکانی یانەکەی جێهێشت، بۆیە یانەی ساتۆن یونایتد لە یارییەکی خولی یانە پلە پێنجەکانی ئینگلتەرادا ناچاربوو بەرگریکارێکی بکاتە گۆڵپارێز لەدوای ئەوەی گۆڵپارێزی سەرەکی یانەکە تووشی پێکان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا سایمۆن داونەری بەرگریکار توانی وەک گۆڵپارێزێکی بەتوانا بەرگری لە گۆڵەکەی بکات و یارییەکەشیان بە 3 ـ 2 گۆڵ بردەوە.

WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (439) سێشەممە 2017/2/28 9ی رەشەمێ - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

ئەگەر بارسا مێسی لەدەستبدات بورکانی تووڕەبوون لەنێو بلاوگراناندا دەتەقێتەوە..

# بوومەلەرزە

باوکی مێسی: هەر رۆژێک دەڕوات نرخی لیۆ گرانتر دەبێت

"ئەگەر مێسی بچێتە مان ستی رۆناڵدۆش دەگەڕێتەوە مان یونایتد"

« 3



لەبیرت ناکەین و رووداو بەردەوامە



"دانیلۆ دەچێتە بارسیلۆنا"




3

کۆنتی ئاگادار بە.. بەدەستهێنانی پریمەرلیگ نەفرەتییە



6



ژنی خامیس عاشقی ئینێستا و ناحەزی رۆناڵدۆیە

« 4

ڕووداو وەرزشی
ژمارە ( 439 )
سێشەممە 2017/2/28



## 16 ساڵی لاهور

لاهور شێخ جەنگی، سەرۆکی یانەی نەورۆز ئاشکرایدەکات 16 ساڵە چاوەڕوانی دەستەبەرکردنی نازناوی خولی نایابی تۆپی پێی کوردستانە لەلایەن یانەکەیەوەو هیواخوازە ئەم وەرزە ئەو خەونەی بێتە راستی. لاهور شێخ جەنگی یەکەیەکی مەشق و راهێنانی تیپی تۆپی پێی یانەکەی بەسەرکردەوە پاش ئەوەی توانیان بگەنە چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی پێشمەرگە. ئەو دەستخۆشی لە یاریزانان و ستافی راهێنەرانی یانەکەی کرد و تەواوی هەوڵ و پاڵشتی خۆی بۆیان دووپاتکردەوە بۆ ئەوەی بتوانن نازناوی ئەمساڵ دەستەبەر بکەن و گوتی «16 ساڵە چاوەڕوانم ئەو نازناوە ببەینەوە، هەر دەستەبەرمان نەکردووە، بەڵام هیواخوازم ئەمساڵ ئەو خەونەم بێتەدی».

### پێشمەرگەی هەولێر چاوی لە بەدەستهێنانی نازناوەکەیە..

# سەمیر بابۆ: ئێستا ئەرکمان قورسترە






**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی - پیرمام**

راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی هەولێر، بە (ڕووداوی وەرزشی) راگەیاند «ئێستا لە نازناوەکە نزیکین و دەبێ ئەنجامان هەبێت، بەڵام ئەرکمان قورس دەبێت، بەو پێیەی تیپەکانی سەرکەوتووی چوارگۆشەی زێڕین هەمووی یانەی جەماوەرین».

یانەی پێشمەرگەی هەولێر بە بردنەوەی لە یانەی هەولێر لەدوا گەڕی یارییەکاندا، بلیتێکی چوارگۆشەی زێڕینی خولی نایابی پێشمەرگەی کوردستانی کردە بەشی خۆی و ئێستا وەک نوێنەری یانەکانی شاری هەولێر شەڕی نازناوی خولەکە دەکات.

سەمیر بابۆ، راهێنەری ئەو یانەیە، ئێستا پشت ئەستوورە بە یاریزانانی یانەکەی و متمانەی تەواوی پێیان هەیە کە دەتوانن ئەم وەرزە بۆ یەکەمجار نازناوەکە بەدەستبێنن و

■ «گەڕانەوەی میران کەریم بۆ پێکهاتەکەمان هێزێکی زیاتر بە هێڵی هێرشبردنمان دەدات»

پێشکەشی پێشمەرگەکانی کوردستانی بکەن، ئەو لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئێستا بە گەیشتن بۆ چوارگۆشەی زێڕین ئەرکمان قورستر بووە، بەڵام ئاست بەرزتر دەبین، چونکە ئەم قۆناخە پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی زیاتر هەیە». ئەو هەروەها گوتیشی «ئێمە دەمانەوێ بەهێزەوە درێژە بە کاروانی ئەمساڵمان لە خولەکەدا بدەین، ئێمە لە کۆمەڵەیەکی زۆر بەهێزدا توانیمان بگەینە چوارگۆشەی زێڕین، من کە ئەرکی ئەو تیپەم لەئەستۆ گرت لە پلەی پێنجەم بووین، کەچی گەیشتینە چوارگۆشەی زێڕین و چاومان لە نازناوەکەیە». بابۆ هەروەها گوتیشی «دەرفەتێکی باشمان بۆ رەخساوە کە بتوانین ئەو خەونەمان بەدیبێنین کە وەرزی رابردوو زۆر نزیک بووین لە بەدەستهێنانی و بە تەنیا چەند خولەکێک لەدەستماندا، نامانەوێ ئەوە دووبارە ببێتەوە».

لەبارەی ئاستی تیپەکانی دیکەی چوارگۆشەی زێڕین، بابۆ گوتی «ئەو تیپانەی سەرکەوتوون هەموویان جەماوەرین و پێگەی بەهێزیان هەیە، ئێمەش جەماوەرین، بەڵام ئەوان هاندەریان لە یانەی پێشمەرگە زیاترە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئامانجی یەکەممان سەرکەوتن بوو بۆ چوارگۆشەی زێڕین، ئێستاش ئەرکێکی دیکەمان دەستپێدەکات ئەویش تێکۆشانە لەپێناو بردنەوەی نازناوەکە».

سەمیر بابۆ، ئەوەی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دووپاتکردەوە کە هیچ گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەکەیدا ناکات و گوتی «تەنیا میران کەریمی هێرشبەری یانەکەمان لە ئەڵمانیاوە پەیوەندی بە تیپەکەمانەوە دەکاتەوە، ئەویش هێزێکی باشە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی هێڵی هێرشبردنمان بەهێزتر بکەین و بتوانین جامەکە ببەینەوەو پێشکەشی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بکەین، کە لە سەنگەرەکانی خەباتدا بەرگریمان لێدەکەن».

■ «ئەگەر نازناوەکەمان بردەوە پێشکەشی پێشمەرگەی دەکەین»

### محەممەد جەبار، یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی تایکواندۆی عێراق:

# لەبەر نەبوونی پاڵەوانیەتی لە کوردستان چوومەتە یانەی شورتە



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی - هەولێر**

محەممەد جەبار، یاریزانی پێشووی یانەی ئەرمەنی شاری کەرکووک لە یاری تایکواندۆ، بە (ڕووداوی وەرزشیی) راگەیاند «لەبەر نەبوونی خول و پاڵەوانیەتی لە کوردستان ماوەی 6 ساڵە ڕووم لە یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق کردووەو ئێستا یاری بۆ یانەی شورتەی بەغداد دەکەم».

زۆر یاریزانی کورد لە زۆر یارییە وەرزشییە جۆراوجۆرەکاندا بۆ یانەکانی بەغداد و شار و ناوچەکانی دیکەی عێراق یاری دەکەن، کە محەممەد جەباری یاریزانی تایکواندۆی شاری کەرکووک نموونەیەکی ئەو یاریزانانەیە. ئەو ئێستا بەفەرمی گرێبەستێکی لەگەڵ یانەی شورتەی شاری بەغداد کردووە. لەو بارەوە بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «من ماوەی 5 ساڵ گرێبەستم لەگەڵ یانەی میناى شاری بەسرا کردبوو لە باشووری عێراق، بەڵام ئەمساڵ بەفەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی شورتەی شاری بەغداد کردووە». ئەو هەروەها گوتیشی «هۆکاری چوونم بۆ شاری بەغداد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە دوای ساڵی 2013وە لە کوردستان هیچ خول و پاڵەوانیتییەک و هیچ شتێک بۆ ئەو یارییە نەکراوە، تایکواندۆ لە کوردستان زۆر خراپە، خولی نایاب نییە، کەچی بەپێچەوانەوە لە شاری بەغداد خولی بەردەوام هەیە، منیش دەمەوێت درێژە بە ئاستی خۆم بدەم لەم یارییەدا».

محەممەد جەبار، دان بەوەدا دەنێت کە وەک یاریزانێکی کورد کێشەی زۆری بۆ دروست دەبێت، بەڵام ئەو ناچارە لەپێناو خۆ شە و یستی خۆی بۆ ئەو یارییە بەردەوام بێت «بێگومان وەک کوردێک کێشەم بۆ دروست دەبێت، هەر بۆ نموونە لە پاڵەوانیەتییەک لە شاری بەسرا لەنێو 45 یانەی شارەکانی عێراقدا من تەنیا یاریزانی کورد بوومە بەشداری لەو پاڵەوانیەتییەدا بکەم، بەڵام ئەنجامی باشیشم بەدەستهێناوەو بوومەتە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق». هەروەها گوتیشی «هەرچەندە گرێبەستەکەم تەنیا بە مووچەیەکی 750 هەزار دینارییەو هیچ پارەیەک وەک پێشەکیم پێنەدراوە، بەڵام دڵخۆشم، چونکە دەتوانم شتی باش بۆ یانەی شورتە بکەم، کە یەکێکە لە یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی عێراق و دەمەوێت لە رێگەی ئەو یانەیەوە خزمەتێک بە شاری کەرکووک و کوردستان بکەم».

### ئاراس حاجی عومەر..

# نموونەی وەرزشوانی خۆڕاگر و تێکۆشەر لەپێناو سەرکەوتن




**پێشەوا بەختیار**
**ڕووداوی وەرزشی - چەمچەماڵ**

ئەوانەی لە وەرزشدا دەگەنە ئامانج ئەوانەن کە هەوڵ و کۆششێکی زۆر لەپێناو خەون و ئامانجەکەیان دەخەنەگەڕ و بە خۆشەویستی و ئیرادەی بەرزی خۆیان ناهێڵن هیچ گرفت و بەربەستێک ساردیان بکاتەوە. ئاراس حاجی عومەری یاریزانی تایکواندۆ نموونەیەکی ئەو وەرزشوانانەیە، کە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە وەرزشییەکانیدا ماوەیەک لە دوورە وڵاتی ژیاوە.

ئاراس حاجی عومەر، تەمەن 29، خەڵکی چەمچەماڵە، هەرزوو هۆگری تایکواندۆ بووەو لە ساڵی 1996 دەستی بەو وەرزشە کردووەو بە ماوەیەکی خێرا تواناکانی خۆی سەلماندووەو لە ساڵی 2005 وێڕای بەردەوامبوون وەک یاریزان، بووەتە راهێنەری ئەو یارییەش.

ئاراس، بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «تاوەکو ئێستا بەردەوام تووشی زۆر بەربەست بووم، کە هەندێجار خەریک بوو تووشی شکست و بێ ئومێدیم بکەن، بەڵام هاوڕێ و هاوپیشەکانم و دایک و باوکم زۆر هاوکار و پشتیوانم بوون بۆ ئەوەی بەرامبەر هەموو ئەو ناخۆشیانە بوەستم و کۆڵنەدەم».

ئاراسی یاریزان و راهێنەری تایکواندۆ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوای راهێنانێکی زۆر و بەشداریکردن لە خول و پاڵەوانیەتییەکان بیری لەوە کردووەتەوە زیاتر هەوڵبدات بۆ زیاتر گەشەدان بە تواناکانی و دەڵێت «لەو پێناوەدا چوومە وڵاتی ئێران و بە هاوکاری کوڕ و باوکێکی فارسەوە، لەگەڵ هەڵبژاردەی تایکواندۆی ئێران راهێنانم کردو لە ئیختیباری هەڵبژاردەی ئێراندا پلەی پێنجەمم بەدەستهێناوە، بەڵام لەبەر نەبوونی ناسنامەی ئێرانی نەمتوانی یاری بۆ ئەو هەڵبژاردەیە بکەم».

ئەو یاریزانە کوردە، لەلایەن چەندین راهێنەری بەناوبانگ و ئەزموونداری جیهانییەوە مەشق و راهێنانی پێکراوەو دوای ماندووبوونێکی زۆر توانیویەتی بەشداری لە پاڵەوانیەتی تورکش ئۆپندا بکات «ئەوە پاڵەوانیەتییەکی نێودەوڵەتییەو 20 خاڵی لەسەرە بۆ بەشداریکردن لە ئۆلۆمپیکی ئاسیا، من پلەی سێیەمم بەدەستهێنا، کە تاکە یاریزانم لە هەموو عێراق و کوردستاندا ئەو پلە بەدەستبێنم، ئەو پاڵەوانیەتییە بە بەشداری 2000 یاریزان لە 42 وڵات بەڕێوەدەچێت». ئەو هەروەها گوتیشی «زۆر خۆم بەخۆشحاڵ دەزانم کە ئەو دەسکەوتەم هەیە، باوەر ناکەم هیچ یاریزانێکی کوردستان و ئێراق ئەو پلە بەدەستبێنێت، مەگەر ئەوانەی خۆیان زۆر ماندوو دەکەن و بەشێوەیەکی ئەکادیمی پێدەگەیێنرێن».

ئاراس، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو لەپێناو وەرزشدا ماوەی چەند ساڵێک دوور لە وڵاتەکەی ژیاوە، بەڵام لە کۆتاییدا سەلماندوویەتی کە دوورە وڵاتی کاریگەری خراپی بەسەرەوە نابێت و هەرگیز ساردی ناکاتەوە لە تێکۆشان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی «راهێنەرە نێودەوڵەتییەکان سوپاسیان کردووم لەسەر ئەو ئاستە بەرزەی لە وەرزشەکەدا هەمە».

ئەو وەرزشوانە کوردە، سوپاسی سەرۆکی یانەی چەمچەماڵ و هۆشەنگ ئیسماعیل دەکات کە هاوکاری بوونە لە سەرکەوتنەکانیاندا، گلەییش لە لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەرپرسەکانی وەرزشیی کوردستان دەکات و دەڵێت «ئەو بەرپرسانە نەک هەر هاوکاریمان ناکەن، بەڵکو لە کاتی بەدەستهێنانی دەستکەوتەکاندا پیرۆزباییشمان لێناکەن».



ڕووداو وەرزش
ژمارە (439)
سێشەممە 2017/2/28

KOREK

## خەونێکی بەتاڵ



یایا تۆرێی ئەستێرەی کوتدیڤواری یانەی مانچێستەر ستی لێدوانێکی سەیری دا و ڕایگەیاند کە حەزی دەکرد وڵاتینامەی بەرازیلی هەبووایە، بۆ ئەوەی یاری بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل کردبا. تۆرێ لەو بارەوە گوتی «خۆزگە من وڵاتینامەی بەرازیلم هەبووایە، بۆ ئەوەی هاوشانی نەیمار دا سیلڤا و کۆتینهۆ یاریم بۆ هەڵبژاردەی سامبا کردبا». بێگومان تۆرێ هەرگیز ناتوانێت ئەو خەونەی بێنێتەدی، چونکە پێشتر یاری بۆ هەڵبژاردەی کوتدیڤوار کردووە و بەپێی یاساکانی فیفا ناتوانێت بۆ هەڵبژاردەیەکی دیکە یاری بکات، مەگەر لە یارییەکی خێرخوازانەدا هاوشانی نەیمار و کۆتینهۆ لە تیپێکدا یاری بکات».

### سامپاولی هێشتا سەرسامە بە تواناکانی..

# دانیلۆ دەچێتە بارسێلۆنا



**ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC**

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، ئاشکرای دەکات «ئەگەر خۆرخی سامپاولی ڕاهێنەری ئەرجەنتینی یانەی سڤیلیای ئیسپانی لەجیاتی لویس ئێنریکی پۆستی ڕاهێنەرایەتی یانەی بارسێلۆنا وەربگرێت، دانیلۆی بەرگریکاری بەرازیلی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دێنێتە ڕیزەکانی تیپەکەی».

یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی ئێستا کێشەی لە بەرگری لای ڕاستدا هەیە، بۆیە هێشتا لەسەر چارەکردنی ئەو کێشەیە کار دەکات و پێویستە بەرگریکارێک بۆ پڕکردنەوەی ئەو شوێنە بێنێتە ڕیزەکانی خۆی، کە لەوانەیە ئەمجارە بارسا ئەو یاریزانەی لە یانە ڕکابەرەکەیەوە دەست بکەوێت، چونکە وەک سەرچاوەکە باسی دەکات، ئەگەر سامپاولی ببێتە ڕاهێنەری بارسا، کە ئێستا ئەو دەنگۆیە زۆر باوە، ئەوا ئەو ڕاهێنەرە ئەو یاریزانەی دەستنیشانکردووە کە پێیوایە بۆ ئەو شوێنە گونجاوە.

سەرچاوەکە دەڵێت «دەنگۆی ئەوە هەیە یانەی بارسا دەستبەرداری ڕاهێنەری ئێستای لویس ئێنریکی بێت و خۆرخی سامپاولی ئەرجەنتینی، بکاتە جێگرەوەی لە وەرزی داهاتوودا، سامپاولی دەیەوێ کێشەی بەرگریکاری لای ڕاست چارە بکات بەر لەوەی بگاتە کامپ نو». هەروەها دەشڵێت «جواو کانسیلۆی یاریزانی ڤالێنسیا جێگەی متمانەی تەواوی سامپاولی نییە، بۆیە لەوانەیە داوای لە کارگێڕی بارسێلۆنا کردبێت گرێبەست لەگەڵ دانیلۆی بەرازیلی، بەرگریکاری ریال مەدریدی ڕکابەری بکات».

دانیلۆ نەیتوانیوە شوێن پەنجەیەکی باش لەگەڵ ریال مەدرید جێبێڵێت، لەبەر بوونی دانی کارفخال، کە زۆرجار ڕووبەڕووی فیکەی هاندەرانی ریال مەدرید دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانیلۆ بەدڵی سامپاولییە، هەر لەو کاتەوەی یاریزانی سانتۆسی بەرازیلی بوو. هەروەها بارسێلۆناش لە ڕیزی ئەو یانانەیە، کە پێش ئەوەی دانیلۆ بچێتە ریال مەدرید بایەخیان پێدەدا، ئەوکاتەی یاریزانی یانەی پۆرتۆی پورتوگالی بوو.

### 7 زانیاری نەزانراو سەبارەت بە پاولۆ..

# دیبالا بە مەلە دەچێتە بارسا

**سەفین تەها**

پاولۆ برونۆ ئێزیکێل دیبالا، لە 1993/11/15 لە ناوچەی لاگونا لارگا لە پارێزگای کۆردۆبای وڵاتی ئەرجەنتین لەدایکبووە.

ئەم یاریزانە ئێستا نرخی لە بازاڕی گواستنەوەدا خۆی لە 100 ملیۆن یۆرۆ دەدات، یاری بۆ یانەی یوڤێنتوس دەکات و دەکرێ بڵێین داینەمۆی یەکەمی تیپەکەیەتی و بە جێنشینی لیۆنێل مێسی ناسراوە. لەم بابەتەدا 7 ڕاستی نەزانراو سەبارەت بەو یاریزانە دەخەینەڕوو:

**1 ـ بە ڕەچەڵەک پۆڵەندی و ئیتاڵییە:** باپیری کە ناوی پۆلیسلۆڤ دیبالایە، خەڵکی شاری کرازناوڤی پۆڵەندی بووە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا کۆچی کردووە بۆ ئەرجەنتین، داپیرەشی کە خەڵکی ئیتاڵیایە بەهەمان هۆکار چووەتە ئەرجەنتین و لەوێ هاوسەرگیرییان کردووە.

**2 ـ ریکێلمی و ڕۆناڵدینهۆ نموونەی باڵای ئەون:** دیبالا دەڵێت «لە منداڵییەوە بە یاریکردنی ڕۆناڵدینهۆ و ریکێلمی سەرسامم».

**3 ـ ژمارەی پێوانەیی کامپێسی شکاند:** لە تەمەنی 17 ساڵیدا لە یانەی ئینیستیتۆ لە خولی پلە دووی ئەرجەنتین یاریدەکرد، لە 6 یاری لەسەریەکدا گۆڵی کرد، تاکە یاریزان بوو 38 یاری لەسەریەک بکات، بەمەش ژمارەی پێوانەیی ماریۆ کێمپێسی ئەرجەنتینی شکاند کە لەو یانەیە یاری کردبوو.

**4 ـ باوکی خەونەکەی نایە ژێرگۆڕ:** باوکی دیبالا پێشتر یاریزانی یانەی نیووێڵز ئۆڵد بۆیز بووە، بەڵام بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە ساڵی 2006 کۆچی دوایی‌کرد، هەموو خەونی ئەو پیاوە ئەوەبوو کوڕەکەی ببینێت ببێتە یاریزانێکی لێهاتوو، کوڕەکەی بووە یەکێک لە باشترینەکانی جیهان و باوکیشی خواردنی گڵ.

**5 ـ بووە قوربانی دەستی نایکی و ئەدیداس:** چەند ساڵێک پێش ئێستا یانەی ئینتەرمیلانی ئیتاڵی هەوڵی ئەوەی دەدا ئەم یاریزانە بگوازێتەوە بۆ ڕیزەکانی، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی ئەرجەنتین نەیهێشت، چونکە ئەو یانەیە لەلایەن کۆمپانیای نایکییەوە سپۆنسەری دەکرا، هەڵبژاردەی ئەرجەنتینیش لەلایەن ئەدیداسەوە.

**6 ـ تاتۆ عەرەبییەکە:** دیبالا ناوی دایکی بە عەرەبی نووسیوە کە ناوی ئالچییە.

**7 ـ بەمەلە دەچێتە بارسێلۆنا:** پێشتر دەربارەی ئەوەی کە بارسێلۆنا گرنگی بەتواناکانی دابوو گوتبووی «تەنیا دەریای سپی نێوەڕاستمان لەنێواندایە، ئەگەر بارسێلۆنا داوای گرێبەستم لێبکات بەبێ جلی مەلەوانی و بە مەلەکردن دەچمە ئەو یانەیە».





### باسی قژبڕینەکەی ساڵی 2002ی دەکات..

# بزانە ڕۆناڵدۆی بەرازیلی پیاوێکی چەند عاقڵ بووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

ڕۆناڵدۆ، دیاردەی تۆپی پێی بەرازیل، بە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی خۆی، کە پێش زیاتر لە 15 ساڵ ڕوویداوە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە ئەو بێجگە لەوەی بەشێوەیەکی نایاب یاریکردووە، کەسێکی زۆر ژیر و عاقڵیش بووەو زانیویەتی چۆن لە کاتە تەنگانەکاندا فشاری دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر خۆی لابدات.

ڕۆناڵدۆ لویس نازاریۆ ریۆ دی لیما، ئەستێرەی پێشووی بەرازیل نهێنی ئەو قژبڕینەی ئاشکرا کرد، کە ساڵی 2002پێی دەرکەوت، ئەوکاتەی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بەشداری لە مۆندیالی کۆریای باشوور و ژاپۆن کرد. ڕۆناڵدۆ ئەوکات پێکانی لە ماسوولکەکانی ڕانی هەبوو، پێش دەستپێکردنی پاڵەوانیەتییەکەش لە ڕووی جەستەییەوە ئامادە نەبوو، ئەوەش دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆماڵی و جیهانی سەرقاڵکرد، کە بەدرێژیی ڕۆژ باسی بڕی ئامادەیی دیاردەو توانای پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرچاویان لەو وەشانەی مۆندیالدا دەکرد. وەک دیاردەی بەرازیلی باسی دەکات ئەوکات بڕیاریداوە چارەیەک بۆ لادانی فشار لەسەر خۆی بدۆزێتەوەو تەنیا چاو بخاتە سەر پاڵەوانیەتییەکەوە، بۆیە بەئەنقەست قژبڕینێکی سەیری داهێنا، کە سەرنجەکانی بەلایدا ڕاکێشا.

لەم بارەوە ڕۆناڵدۆ بە ESPNی گوت «بەدەست ئازار لە ڕانم دەمناڵاند، ئامادەییشم تەنیا 60% بوو، بۆیە قژی خۆم بەو شێوەیە تاشی».

ئەو یاریزانەی پێشووی ریال مەدرید، بارسێلۆنا، میلان و ئینتەرمیلان، لەو بارەوە زیاتر گوتی «ئەوکات هەموو باسی پێکانەکەی منیان دەکرد، بەڵام کە گەیشتمە ڕاهێنانەکان بەو شێوە قژە تازەیە، وازیان لە قسەکردن لەسەر پێکانەکەم هێناو ئیدی بە قژەکەمەوە خەریک بوون».

ڕۆناڵدۆ، ئەوکات بەرازیلی بەرەو بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیال برد، دوای ئەوەی سیلیساو لە یاری کۆتاییدا بە ئەنجامی 2 ـ 0 گۆڵ لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای بردەوە.

### ئەگەر ئیدارەی بارسا مێسی لەدەستبدات..

# بورکانی تووڕەبوون لەنێو بلاوگراناندا دەتەقێتەوە



**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

هەردوو ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی و ASی ئیسپانی، پێشبینی دەکەن بوومەلەرزەیەکی بەهێز لەنێو یانەی بارسێلۆنای ئیسپانیدا ڕووبدات و دەرئەنجامەکانیش خراپ بن و دەڵێن «یان سەرۆکی یانەکە ڕادەماڵێت یاخود لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی لە بارسا وەدەردێنێت»، کە بێگومان ئەوکات وەک ئەو دوو ڕۆژنامەیە پێشبینی بۆ دەکەن، هاندەرانی کەتالۆنی هەرگیز لە سەرۆکی یانەکەیان خۆش نابن.

بەپێی ئەو دوو ڕۆژنامەیە، پێویست بوو ئەمڕۆ سێشەممە 2017/2/28 کۆبوونەوەیەکی یەکلاییکەرەوە لەنێوان خۆرخێی باوک و بریکاری مێسی و سەرۆک و بەرپرسانی بارسادا ئەنجام بدرێت و لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستی مێسی ڕێکبکەون، بەڵام وەک THE SUNی بەریتانی و ASی ئیسپانی نووسیویانە «باوکی مێسی بەر لە چەند ڕۆژێک بەوپەڕی تووڕەییەوە شاری بارسێلۆنای جێهێشتووەو گەڕاوەتەوە ئەرجەنتین».

هەر بەپێی ئەو دوو سەرچاوەیە، ئەوەی پرسەکەی ئاڵوزتر کردووە ئەوەیە کە باوکی مێسی بە ڕۆژنامەنووسانی گوتووە «دانوستانەکان زۆر زەحمەتترن لەوەی بیری لێدەکەنەوە». هەروەها گوتوویەتی «هەر ڕۆژێک دەڕوات نرخی مێسی گرانتر دەبێت».

بەپێی زانیارییەکانی AS بێت، باوکی مێسی پێیوایە جۆسێپ ماریا بارتۆمیۆی سەرۆک و بەرپرسانی بارسا هەر ڕۆژێک بە هێنانەوەی پاساوێک بەشێوەیەکی ئەنقەست دانوستانەکان دوادەخەن. تەنانەت هاندەرانی بارساش لەو پەڕی تووڕەیین لە بارتۆمیۆ، چونکە ئەوانیش پێیانوایە بارتۆمیۆ نایەوێ گرێبەستی مێسی نوێبکاتەوەو ناچاری دەکات لە بارسا بڕوات بۆ ئەوەی ئەو پارە زۆرەی پێنەدات کە داوای دەکات.

ڕۆژنامەیTHE SUNیش هەمان تۆمەتی داوەتە پاڵ بارتۆمیۆی سەرۆک و دەڵێت «بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکانی نزیک لە بارسێلۆنامان دەستکەوتووە، بارتۆمیۆ نایەوێ ئەو پارە زۆرەی مێسی و باوکی داوای دەکەن پێیان بدات، بۆ ئەوەی تووشی قەیرانێکی دارایی نەبێتەوە». هەروەها ڕۆژنامە بەریتانییەکە دەشڵێت «وەک دیارە ئیدارەی بارسێلۆنا دەیەوێ بەهەر شێوەیەک بێت وا لە مێسی بکات بارسا جێبهێڵێت و ڕوو لە یانەیەکی دیکە بکات، بەڵام ئایا ئەو بیری لە کاردانەوەی جەماوەری بارسا کردووەتەوە». ئەمە لە کاتێکدایە کە بارتۆمیۆ ڕایگەیاندووە «مێسی لە بارسا واز لە یاریکردن دێنێت»، بەڵام وەک ڕۆژنامەکە باسی دەکات «قسەکانی بارتۆمیۆ هەرگیز لەگەڵ واقیعەکەدا یەکناگرنەوە».

ئەو دوو ڕۆژنامەی، کە لەسەر ئاستی وڵاتەکانیان خوێنەرێکی بێشوماریان هەیە، باس لە دەرئەنجامەکانی نوێنەکردنەوەی گرێبەستەکەی مێسی دەکەن و دەڵێن «ئەگەر ئیدارەی بارسا مێسی لەدەستبدات، بێگومان بورکانی تووڕەبوون لەنێو جەماوەری بلاوگراناندا دەتەقێتەوەو بەدڵنیاییەوە یەکەم کەس بارتۆمیۆی سەرۆک ڕادەماڵێت، چونکە کەتالۆنییەکان هەرگیز قبوڵ ناکەن ببنە شاهیدی ڕۆیشتنی مێسی لە یانەکەیان بۆ یانەیەکی دیکە، کە زۆرینەی کەتالۆنییەکان پێیانوایە مێسی باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێی جیهاندا نەک هەر لە مێژووی یانەکەیاندا».

- «هەر ڕۆژێک دەڕوات نرخی مێسی گرانتر دەبێت»
- «هاندەرانی بارسا پێیانوایە بارتۆمیۆ نایەوێ گرێبەستی مێسی نوێبکاتەوە»
- «مەحاڵە کەتالۆنییەکان قبوڵ بکەن ببنە شاهیدی ڕۆیشتنی مێسی لە یانەکەیان»



## راستە

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردەوە کە باس لە ویستی خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری یانەی شەیتانە سوورەکان بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی دەکەن. ئەو سەرچاوەیە دەڵێت «راستە، مۆرینیۆ پێیباشترە نەیمار بباتە ریزەکانی مانچێستەر یونایتد نەک ئەنتوان گریزمانی ئەستێرەی فەرەنسی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی، بۆیە داوای لە بەرپرسانی یانەکەی کردووە بۆ کڕینی نەیمار دەستەوارەییەکی خەیاڵی پێشکەشی بارسا بکەن».

### بە رۆیشتنی مێسی بۆ پرێمەرلیگ چی رووەدات؟!

# ئەگەر مێسی بچێتە مان ستی رۆناڵدۆش دەگەڕێتەوە مان یونایتد



"بۆ شکاندنی ریکۆردەکەی شیرەر پێویستە مێسی لە هەر وەرزێکی پرێمەرلیگدا 80 گۆڵ بکات"

**رووداوی وەرزشی ـ MIRROR**

رۆژنامەی میرۆری بەریتانی راپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە، کە تێیدا باسی نیازی یانەی مانچێستەر ستی ئینگلیزی بۆ پێشکەشکردنی بڕی 100 ملیۆن پاوەند، بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ لیۆنێل مێسی دەکات، کە بە قۆناخی لێڵی سەبارەت بە چارەنووسی لەگەڵ بارسێلۆنا رەتدەبێت.

رۆژنامەکە لە راپۆرتەکەیدا دەڵێت «مانچێستەر ستی پێیوایە مێسی ئامادەیە لە بارسێلۆنا بڕوات». لەم بارەوە بەڕێوەبەرانی یاریگەی ئیتیحاد باس لەوە دەکەن، گرێبەستکردن لەگەڵ مێسی لە بەرژەوەندی راهێنەر پیپ گواردیۆلا، لە لیستی پێشنۆرەی ئەو هاوینەیان دەبێت. رۆژنامەکە باس لەوەش دەکات، مان ستی متمانەیەکی زۆری بەخۆی هەیە بتوانێت مێسی بە گرێبەستێک رازی بکات، کە ژمارەی پێوانەیی پێ بشکێنێت، ئەویش 100 ملیۆن پاوەندە، ئەوەش دوو قاتی ئەو گرێبەستەیە، کە مێسی لە یانەی بارسا بۆ تازەکردنەوەی گرێبەستەکەی پێشکەشی کراوە.

رۆژنامەی میرۆر، هەر لەم راپۆرتەیدا باسی 10 شت دەکات، کە پێشبینی روودانیان دەکرێت، ئەگەر بێتو مانچێستەر ستی گرێبەست لەگەڵ مێسیدا بکات، کە ئەمانەن:

1 ـ مێسی یارمەتی مانچێستەر ستی دەدات هەموو نازناوەکان بباتەوە (خولی نایابی ئینگلیزی، جامی ئینگلتەرا، جامی رابیتەی یانە پیشەگەرەکانی ئینگلتەرا، چامپیۆنسلیگ و ئەوانی دیکەش).

3 ـ هەزارەها تویت لە جەماوەرەوە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دەنێردرێن، دوای سوپرایزی هاتنی مێسی بۆ مانچێستەر ستی، بەڵام هەموو چاودێری دەکەن، تاوەکو بزانن مێسی لەسەر یاریگەی ستۆک ستی (بەریتانیا) چی دەکات، کە بۆ یانەکانی پرێمەرلیگ ئەستەمترین یاریگەیە لە ئینگلتەرا.

3 ـ جەماوەری مانچێستەر یونایتد بۆ ماوەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دووردەکەونەوەو واز لە گاڵتەکردن بە مانچێستەر ستیی دراوسێیان دێن، دوای هاتنی مێسی.

4 ـ مانچێستەر ستی پەیکەرێک بۆ راهێنەر پیپ گواردیۆلا لەبەردەم یاریگەی ئیتیحاد دادەنێت، دوای ئەوەی لە گرێبەستکردن لەگەڵ باشترین یاریزانی جیهان سەرکەوتوو بوو.

5 ـ خۆزێ مۆرینیۆی راهێنەری پورتوگالی مانچێستەر یونایتد کاردانەوەیەکی توند و ترسناکی دەبێت، ئەوکاتەی دەزانێت مێسی هاتووەتە ریزەکانی تیپی رکابەری مانچێستەرستی.

6 ـ کاردانەوەی توندی مۆرینیۆ بەهاتنی مێسی بۆ مان ستی، بەخێرایی بۆ پەستی و بێزاریی و تاڵی دەگۆڕێت، بە گوێرەی وەسفی رۆژنامە ئینگلیزییەکەوە.

7 ـ گرەو لەسەر مێسی بۆ شکاندنی ژمارەکەی ئالان شیرەری یاریزانی پێشووی نیوکاسڵ یونایتد و گۆڵکەری مێژوویی پرێمەرلیگ بە 260 گۆڵ دەکرێت، بەمەش مێسی دەبێت هەموو وەرزێک 80 گۆڵ تۆمار بکات، نەخاسمە کە ئەو تەمەنی لە 30 ساڵی رەتدەدات.

8 ـ کریستیانۆ رۆناڵدۆی هێرشبەری ریال مەدرید بۆ یانەکەی پێشووی مانچێستەر یونایتد دەگەڕێتەوە، تاوەکو دووبارە رکابەری مێسی بکات، بۆ ئەوەی رێگە بە مێسی نەدات لە ناوچەی پێشووی ئەو واتە پرێمەرلیگ بدرەوشێتەوە.

9 ـ ترس هاندەرانی ئارسیناڵ دادەگرێت، دوای هاتنی مێسی بۆ ریزەکانی مانچێستەر ستی، بۆیە داوای گرێبەستکردن لەگەڵ ئەستێرەیەکی سوپەر دەکەن.

10 ـ دواتر ئارسیناڵ دەنگۆی ئەوە بڵاودەکاتەوە، دانوستانی لەگەڵ ئەستێرەکانی هاوشێوەی لویس سوارێزی هێرشبەری بارسێلۆنا، ئۆبامیانگی هێرشبەری بورۆسیا دۆرتمۆند و ئەنتوان گریزمانی هێرشبەری ئەتلەتیکۆ مەدرید کردووە، کەچی لە کۆتاییدا گرێبەست لەگەڵ جیمی ڤاردی هێرشبەری لیستەر ستی ئینگلیزی دەکات.

# ژنی خامیس عاشقی ئینێستایە و حەزی لە رۆناڵدۆ نییە

**رووداوی وەرزشی ـ Gulf News**

دانیێلا ئۆسپینا، هاوسەری خامیس رۆدریگزی ئەستێرەی کۆلۆمبی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، هەرایەکی گەورەی بەو لێدوانانە نایەوە، کە بۆ ئێزگەیەکی کۆلۆمبی داویەتی و گوتوویەتی «سەرسامم بە ئینێستا و شێوازی یاریکردنی رۆناڵدۆم بەدڵ نییە».

هەرچەندە ئەو خانمە، کە یاریزانێکی بەناوبانگی تۆپی باڵەیە، نەیویست رەوشی مێردەکەی لەگەڵ یانەی شاهانە ئاڵۆز بکات و رازی نەبوو رەخنە لە زەینەدین زیدانی راهێنەری بگرێت، کە بەشێوەی سەرەکی پشتی پێنابەستێت، کەچی دانانی بە شەیدایی بۆ ئەندرێس ئینێستا ئەستێرەی بارسێلۆنای رکابەر، لەوانەیە هەندێ کێشە بۆ مێردەکەی لەنێو جەماوەر و خۆشەویستانی یانەکەی پایتەخت بنێتەوە.

دانیێلای خوشکی گۆڵپارێزی کۆلۆمبی داڤید ئۆسپینا، لەبارەی ئینێستاوە لە لێدوانێکدا گوتی «لەوانەیە شتەکە لەلای هەندێ کەس سەیر بێت، کە بۆ منیش هەمان شتە، بەڵام دەبێت دان بەوەدا بنێم کە من زۆر بە ئاستی یاریکردنی ئینێستا سەرسامم، بێشک ئەو یەکێکە لە باشترین یاریزانانی جیهان».

هەر لەو لێدوانەیدا کە دانیێلا بۆ ئێزگەیەکی کۆلۆمبی داویەتی، هەوڵیدا تاوەکو ئەوپەڕی سنوور راشکاوانە بێت لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لێی دەکرێن، یەکێک لەو پرسیارانە سەبارەت بە بۆچوونی بوو لەسەر کریستیانۆ رۆناڵدۆی هاوڕێی مێردەکەی لە ریال مەدرید؟. هەرچەندە دانیێلا لە کاتی وەڵامدانەوەدا دانی بە بەهێزی جەستەیدا نا، کە زۆرجار رۆڵی لە بردنەوەکانی ریال مەدرید هەیە، کەچی دانی بەوەشدا نا کە بەشێوازی یاریکردنی ئەو سەرسام نییە و گوتی «کەس ناتوانێت گومان لە بەهێزی رۆناڵدۆ بکات، بەڵام من زیاتر بەلای جادوو و جوانی لە تۆپی پێ دەگەم، کە سەرسامی خۆم بە ئینێستا نیشاندەدەم، بێگومان ئەوە بۆ شێوازی یاریکردنی ناوازەو بەهای هونەری لەسەر یاریگە دەگەڕێتەوە».

### جیاوازی ژمارەک...

# نەیمار بەهادارت...

**ئا: رەمزی میرەکانی**

بۆ هەمووان ئاشکرایە خولی نایابی ئینگلیزی، زۆرترین داهاتی هەیە لە جیهاندا، خولی ئیسپانیاش زۆرترین کۆنترۆڵی نازناوە کیشوەری و جیهانییەکانی کردووە، لە دوایین 100 ساڵدا، بەڵام شتێکی سەرنجڕاکێشە، بەردەوام بەراورد لەنێوان ژمارەی 5 خولە گەورەکەی ئەورووپا بکرێت، کە لەچەندین لایەنەوە نزیک و دوورن لە یەکدییەوە.

لە خولی فەرەنسا زۆرترین یاریزان گۆڵیان تۆمارکردووە بە 549 یاریزانی پیشەگەر لە وەرزی 2016 ـ 2017، پاشان خولی ئیتاڵیا دێت بە 529



### پاریس هەڕەشە لە بارسا دەکات..

# لە ڤیراتی نزیک بکەونەوە خراپتان بەسەردێنین!

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

رۆژنامەکانی فەرەنسا باس لەوە دەکەن کە سەرۆکی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی زۆر لەوە دەترسێت یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی گورزێکی گەورە لە یانەکەی بدات، بۆیە پەنای بردووەتە بەر هەڕەشەکردن لەو یانە کەتالۆنییە بۆ ئەوەی واز لە یانەکەی بێنن.

بەپێی ئەو رۆژنامە فەرەنسییانە، ناسر خلێفی، سەرۆکی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی ئارامی لە هەوڵەکانی یانەی بارسێلۆنا، بۆ بەدەستهێنانی واژووی مارکۆ ڤیراتی یاریزانی ناوەڕاستی یانە پاریسییەکە نەماوەو دەڵێن «خلێفی چیدی بەرگەی هەوڵەکانی بارسا ناگرێت، لە نزیکبوونەوە لە یاریزانەکانی و هەوڵی بردنیان بۆ ریزەکانی، کە دواترینیان ڤیراتی بوو، دوای ئەوەی لە هاوینی رابردوو رازی نەبوو بچێتە بارساوە». ئەو رۆژنامانە لەو بارەوە دەشڵێن «خلێفی نامەیەکی هەڕەشەئامێزی روونی بۆ بارسا ناردووە، تێیدا هاتووە ئەگەر یانەکەی کەتالۆنیا دووبارە هەوڵی گرێبەستکردن لەگەڵ ڤیراتی بدات، پاریس سانجێرمان لە رێگەی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نەیمار دا سیلڤا لەگەڵ بارسا وەڵامی دەداتەوە، ئەویش بەدانی بەهای مەرجی سزایی گرێبەستەکەی».

رۆژنامەکانی فەرەنسا ئاماژە بۆئەوە دەکەن کە پاریس سانجێرمان هەست بە هێزێکی زۆر دەکات، دوای بردنەوەی لە بارسێلۆنا بە 4 گۆڵی خاوێن لەسەر یاریگەی باخچەی شازادەکان، لە یاری چوونی قۆناخی 16 چامپیۆنسلیگدا، بۆیە سەرۆکی ئەو یانەیە نایەوێ هیچ یاریزانێکی خۆی لەدەستبدات، بەتایبەتیش ئەستێرەکانی وەک دی ماریا، ڤیراتی و کاڤانی.

### جوانترین لێدوان...



بوونی ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکاو جیابوونەوەی ئینگلتەرا لە یەکێتی ئەورووپاو دەرکردنی رانیێری لەلایەن لیستەر ستییەوە سەیرترین 3 بڕیاری جیهان بوون لە ساڵی 2016 ـ 2017دا

یۆرگن کلۆپ
(راهێنەری یانەی لیڤەرپووڵ)



مێسی هەمیشە باشترین یاریزانی جیهانە، چونکە ئەو تاکە یاریزانە لە جیهاندا کە دەتوانێت بە تەنیا یارییەکان یەکلایی بکاتەوە

سلڤاتۆری سکیلاچی
(هێرشبەری پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا)



رانیێری دەستکەوتێکی بەدەستهێناوە خەڵک دوای 2 هەزار ساڵی دیکەش باسی دەکات، بەڵام چیدەکەی کە تۆپی پێ زۆر ستەمکارانەیە

رۆبێرتۆ مانشینی
(راهێنەری پێشووی یانەی ئینتەرمیلان)



بەم نزیکانە بۆ هەمووان ئەو راستییە دەردەکەوێت کە مانچێستەر یونایتد بە نرخێکی زۆر هەرزان پۆل پۆگبای کڕیوە

خۆزێ مۆرینیۆ
(راهێنەری یانەی مانچێستەر یونایتد)



من لە منداڵییەوە رۆناڵدۆی بەرازیلی و کانیجیای ئەرجەنتینیم خۆشویستووە، هەر لەبەر کانیجیایە کە زۆرجار قژم بەدرێژیی دەهێڵمەوە

سێرجیۆ رامۆس
(کاپتنی یانەی ریال مەدرید)



لەبەرئەوەی ئێستا یانە گەورەکانی ئەورووپا گۆتزەیان ناوێ، بێجگە لە خولی چینی هیچ رێگەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەماوە

لۆسەر ماتیۆس
(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا)



## شۆک

پێلێی ئەفسانەی تۆپی پێی بەرازیل، تووشی شۆک بوو، دوای ئەوەی ئیدینۆی کوڕی بە 12 ساڵ و 10 مانگ زیندانی کردن سزادرا، بە تۆمەتی پارە سپیکردنەوەو بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان. پێشتریش لە ساڵی 2006 بەهەمان تۆمەت کوڕی ئەفسانە لەلایەن پۆلیسی بەرازیلەوە دەستگیرکرا، بەڵام دواتر ئازادکرا دوای ئەوەی ئیدینۆ ڕەتیکردەوە هیچ پەیوەندییەکی بە بازرگانانی مادده هۆشبەرەکانەوە هەبێت. ئێستا پارێزەری ئیدینۆ تانەی لە بڕیاری سزادانەکە داوە و پێلێی باوکی زۆر نیگەرانە بۆ ئەو بارودۆخەی بەسەر کوڕەکەیدا هاتووە.

# ڕاهێنەری تایبەتمەند کێیە؟



هەوراز کاوە

لە جیهانی یاری تۆپی پێدا ناوی گەورەمان هەن، لە پاڵ ئەو یارییەدا بوون بە ڕاهێنەری گەورەو توانیویانە گۆڕانکاری مێژوویی مەزن ئەنجام بدەن، یاخود یارییەکەیان لە کارێکی سادەوە گۆڕیوە بۆ بوارێکی پیشەیی بەردەوام، بەپێی کەش و تۆمارکردنی یارییەکان و سوود وەرگرتن لە هەڵەو کەموکوڕییەکان، سەرئەنجام پیشەی ڕاهێنەرایەتی لە کارێکی سادەی لۆکاڵییەوە گۆڕدرا، کە دەبێت ڕاهێنەری تایبەتمەند، لایەنی زانستی و ژیری هەبێت، تا بتوانێت وەک کەسی یەکەمی تیپەکان مامەڵەی زیرەکانە لەگەڵ بارودۆخەکاندا بکات.

ڕاهێنەر گرنگە خاوەنی بڕوانامەی زانستی مەشقدانەوە بێت، هەروەها توانای گوتنەوەی وانەکانی پلانی یاری بە یاریزانەکان هەبێت، لەگەڵ کرداری زۆر و سوودوەرگرتن لە ڕاهێنەرانی بەئەزموون و کەمتر خۆ سەرقاڵکردن بە قسەکردنەوە.

کەسایەتی مرۆڤی ڕاهێنەر کاریزمایی پێدەبەخشێت، ئەوەش وادەکات سەرەنجی هەموو لایەک ڕابکێشێت، بەتایبەتی لە کاتی بڕیاردان و پاراستنی هاوسەنگی نێوان یاریزانەکان، یاخود پەرەدان بە پلانی یاری، بۆ ئەوەی زۆر لە ڕاهێنەران بە چاوی گەورە تەماشای بکەن و نەخشەکانی ئەو دووبارە بکەنەوە.

ڕاهێنەری سەرکەوتوو بە بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ یاریزانەکانیدا باشە، یان هەوڵدەدات هەمیشە ڕاوێژیان پێبکات، بۆ ئەوەی ئەوانیش تێبینی و ڕەخنەی دروستکەر بۆ خزمەتی تیپەکە بڵێن. یاریزانان هەمیشە بەهۆی سەرقاڵیان بە مەشق و یاری تۆپی پێوە، کێشەو گرفتی زۆریان هەیە، یاخود زۆربەی کات ناتوانن وەک پێویست لەگەڵ خێزان و کەسوکاریاندا کۆببنەوە، کە ئەوەش کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆریان بۆ دروستدەکات، ئەرکی ڕاهێنەرە هاوسەنگی بارودۆخی کۆمەڵایەتی یاریزان و تیپەکە ڕابگرێت، لانیکەم لە چارەسەر و کێشەکانیاندا بەشداربێت، لە هەمووی گرنگتر غەم خواردنە لە لایەنی دەروونی و بەشداریکردن لە ئاهەنگ و بۆنەی یاریزاناندا، تا لەوە بگات کە ئەو بە تەنیا نییە.

«ڕاهێنەری سەرکەوتوو دەبێ بە بەردەوامی پەیوەندی لەگەڵ یاریزانەکانیدا باش بێت»

«ڕاهێنەری کارامە ئەوەیە بتوانێت لە پلانی جێگیری خۆیدا گۆڕانکاری، یاخود داهێنان لە ستایلی یاری و یاریزاندا بکات»

ڕاهێنەران زۆر بەکەمی دەتوانن زاڵبن بەسەر بیروهۆشیاندا، لە کاتێکدا ئەنجامی تیپەکانیان خراپ بێت، بۆیە ڕاهێنەری هۆشمەند ئەوەیە بڕوای تەواوی بەخۆی هەبێت، لایەنی دەروونی بپارێزێت، هەروەها دەبێت بەجۆرێک بیربکاتەوە، کە دارمانی ئەو پەیوەندی بە ڕووخانی هێزی یاریزانەکانەوە هەیە، جا باشترین کارێک تەنیا هەوڵدانە بۆ نە ڕووخانی تیپەکەو زاڵبوون بەسەر گرفتەکاندا.

ڕاهێنەر نابێ پلانی یاریکردن و ستراتیژی تایبەتی نەبێت، چونکە دارشتنەوەی نەخشەی یاری دەبێت بەپێی توانستی یاریزانەکان بێت، چونکە هیچ ڕاهێنەرێکی خاوەن ئەزموون داوای شتێک ناکات یاریزانەکانی نەتوانن ئەنجامی بدەن، ناکرێت یاریزانێک بەرگریکار بێت، وەک هێرشبەر، یان دروستکاری یاری داوای لێبکرێت یارمەتی تیپەکەی بدات، لە کاتێکدا ئەو نەتوانێت ئەو کارە ئەنجامبدات، بۆیە ڕاهێنەر ئەرکێتی خوێندنەوەی باش و هەڵسەنگاندنی ئاست و شوێنی یاریزانەکان بکات، چونکە کاری ڕاهێنەرە پێش یارییەکان بەرپرسیاریەتی تەکتیکی بە کام یاریزان دەبەخشێت، یان بۆی ڕوون بێتەوە کام یاریزان دەتوانێت بە باشی پلانی ئەو جێبەجێ دەکات. ڕاهێنەر هەیە بەدرێژایی وەرزێک تەنیا پشت بە شێوازێک لە پلانی یاری دەبەستێت، کە زۆرکات سەرکەوتنی گەورە دەستەبەر دەکات، بەڵام ڕاهێنەری کارامە ئەوەیە بتوانێت لە پلانی جێگیری خۆیدا گۆڕانکاری، یاخود داهێنان لە ستایلی یاری و یاریزاندا بکات، کە دواتر زۆر کەسی دیکە سوودی لێدەبینن، یان لانیکەم بۆ ماوەیەکی زۆر دەتوانن دەست بەسەر یاری تۆپی پێدا بگرن.

ڕاهێنەر نابێت شێوازی قسەکردن و گوتەی دژ بەیەکی هەبێت، بەڵکو لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکاندا پێویستی بە ئاخاوتنی دبلۆماسیانەو ڕێزگرتنە لە تیپی بەرامبەر، یان کەمکردنەوەی گوشاری سەر یاریزانەکانیەتی، لە هەمووی گرنگتر شاردنەوەی هێزی بنەڕەتی تیپەکەیەتی، بەبێ ئەوەی ئەمە لەسەر حسابی کەس بکات.



## کۆنتی ئاگادار بە..

# بەدەستهێنانی پریمەرلیگ نەفرەتییە

ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT

یانەی لیستەر ستی ئینگلیزی، بڕیاری لادانی ڕاهێنەرە ئیتاڵییەکەی کلاودیۆ ڕانییێری لە پۆستی ڕاهێنەرایەتی ڕاگەیاند، کە وەرزی ڕابردوو بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەو یانەیە توانی نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی بەدەستبهێنێت، بێگومان ئەویش بەر نەفرەتی بردنەوەی نازناوی پریمەرلیگ کەوت.

لادانی ڕانییێری دوای ئەوە هات، کە یانەکە لە سەرەتای ساڵی 2017 نەیتوانیوە یەک گۆڵ تۆمار بکات، بۆیە ئێستا لە پلەکانی کۆتایی دێت و هەڕەشەی دابەزینی لەسەرە، کۆی خاڵەکانی 21 خاڵە و تەنیا بە جیاوازی 2 خاڵ لە بنەبانەوە دوورە.

بڕیاری کارگێڕی لیستەر ستی لە کاتێکدایە بۆ ئەوەی نەفرەتیەکی تازە دووپات بکاتەوە، کە بەر پاڵەوانی خولی ئینگلیزی دەکەوێ لە ساڵانی کەمی ڕابردوودا، ڕانییێری چوارەم ڕاهێنەری لە دوای یەکە نازناوی پریمەرلیگ بەدەست بهێنێت، پاشان لە وەرزی دواتر بە شێوەیەک لە شێوەکان لە تیپەکە بچێتە دەرەوە.

لە خوارەوە ئەو دیاردەیە زیاتر ڕوون دەکەینەوە:

1 ـ سێر ئەلیکس فێرگسۆن، دوای دەیان ساڵ بردنەوەی دەستکەوت و نازناوەکان، واز لە یانەی شەیتانە سوورەکان دێنێت و مانچێستەر یونایتد نغرۆ دەبێت.

2 ـ مانوێل پیلیگرینی نازناوی پریمەرلیگ بۆ مانچێستەر ستی بەدەستدێنێت و لە دەرگا تەسکەکەوە دەڕواتە دەرەوە.

3 ـ خۆزێ مۆرینیۆ لە پاڵەوانی خولەوە بۆ پاڵەوانێک لەسەر کاخەزەوە.

4 ـ کلاودیۆ ڕانییێری هەمان ئاگری مۆرینیۆ تام دەکات.

5 ـ دەبێ ئەنتۆنیۆ کۆنتی، کە نزیکترینە لە بردنەوەی نازناوی ئەمساڵی پریمەرلیگ، بەباشی خۆی بۆ ئەو نەفرەتییە ئامادە بکات، نەوەک لە وەرزی داهاتوودا سەری ئەویش بخوات.

# مان یونایتد و مێسی یەکەمی ئەم وەرزەن

ڕووداوی وەرزشی ـ MU4

بە گوێرەی ڕاگەیاندراوی ڕۆژنامەی THT SUNی بەریتانی، درێسی یانەی مانچێستەر یونایتدی ئینگلیزی سەرووی ڕیزبەندی پڕفرۆشترین و خواست لەسەرترین درێسی لە بازاڕەکانی جیهان لە ساڵی 2016 گرت،. فرۆشی درێسەکانی مانچێستەر یونایتد، کە لۆگۆی کۆمپانیای ئەدیداسی ئەڵمانی لەسەرە، گەیشتە دوو ملیۆن و 850 هەزار درێس، بەمەش بە پێش درێسی گشت یانەکانی دیکە کەوت.


درێسی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بە لۆگۆی ئەدیداسی ئەڵمانی لە پلەی دووەم هات و 2 ملیۆن و 290 هەزار درێسی لێ فرۆشرا. درێسی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بە لۆگۆی نایکیی ئەمریکی لە پلەی سێیەم هات و نزیکەی ملیونێک و 980 هەزار درێسی لی فرۆشرا. فرۆشی درێسەکانی یانەی چێڵسی بە لۆگۆی ئەدیداسی ئەڵمانی گەیشتە ملیونێک و 650 هەزار درێس. یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانیشی توانی ملیونێک و 500 هەزار درێسی خۆی بە لۆگۆی (ئەدیداس) بفرۆشێت.

## درێسی یاریزانان

لەسەر ئاستی درێسی ئەستێرەکانی تۆپی پێدا، درێسی لیۆنێل مێسی لەگەڵ یانەی بارسێلۆنا، کە ژمارە 10ی لەسەرە، بە پڕفرۆشترین و خواست لەسەرترین درێسە لە وەرزی ئێستادا 2016 ـ 2017، ئەوەش ڕەنگدانەوەی ناوبانگی و جەماوەریی مێسییە، بەهۆی ئاستی ناوازەی.

لە پلەی دووەم درێسی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لەگەڵ یانەی ڕیال مەدرید دێت، کە ژمارە 7ی لەسەرە، ئینجا درێسی یاریزانی ناوەڕاستی فەرەنسی پۆل پۆگبا لەگەڵ یانەی مانچێستەر یونایتد لە پلەی سێیەم دێت، کە ژمارە 5ی لەسەرە، سوودی لەو هەرایەی ڕاگەیاندنەکان وەرگرت، کە هاوشانی گواستنەوەی بوو لە یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵییەوە بۆ مان یونایتد لە هاوینی ڕابردوودا، بە گەورەترین دەستەوارە لە مێژووی بازاڕەکانی گواستنەوەدا.

لە پلەی چوارەم درێسی یاریزانی سوێدی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ لەگەڵ مانچێستەر یونایتد، کە ژمارە 9ی لەسەرە دێت، ئینجا لە پلەی پێنجەم درێسی ئە ستێر ە ی ئەڵمانی مەسعود ئۆزێل لەگەڵ یانەی ئارسینالی ئینگلیزی دێت، کە ژمارە 8ی لەسەرە، لە پلەی شەشەم درێسی یاریزانی بەرازیلی نەیمار دا سیلڤا لەگەڵ یانەی بارسێلۆنا دێت، کە ژمارە 11ی لەسەرە، لە پلەی حەفتەم درێسی گۆڵپارێزی ئیسپانی داڤید دی خیا لەگەڵ مانچێستەر یونایتد دێت، دواجار درێسی ئەستێرەی بەرازیلی درەوشاوە فیلیپ کۆتینیۆ لەگەڵ یانەی لیڤەرپوول دێت، کە ژمارە ی10 لەسەرە.






KOREK Telecom

## لە پەیوەندییەکی نەپچڕاودا بمێنەوە لەگەڵ پاکێجە نایابەکانی فەیسبووک لە کورەك

پاکێجی هەفتانە

پاکێجی ڕۆژانە

ئێستا لە (کورەك)ەوە، پاکێجەکانی فەیسبووك بەدرێژایی کات لە پەیوەندیت دەهێڵتەوە.
پاکێجێك هەڵبژێرە:

| پاکێج | قەبارە | نرخی بەشداریکردن | بەردەستبوون (ڕۆژ) |
|---|---|---|---|
| هەفتانە | 300 مێگابایت | 3000 د.ع | 7 |
| ڕۆژانە | 50 مێگابایت | 1000 د.ع | 1 (24 کاتژمێر) |

چێژ لە سەرجەم تایبەتمەندییەکانی فەیسبووك و فەیسبووك ماسنجەر وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن، پەیوەندی بکە بە #360* و پەیڕەوی ڕێنماییەکان بکە

411

korektel.com

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 25)

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2017/2/28** | |
| ریال سۆسیداد - ئیبار | 09:30 |
| مەلەگە - ریال بیتیس | 11:30 |
| ڤالنسیا - لیگانێس | 11:30 |
| **چوارشەممە 2017/3/1** | |
| بارسیلۆنا - خیخۆن | 09:30 |
| ئۆساسۆنا - ڤیارِیال | 09:30 |
| سێلتاڤیگۆ - ئیسپانیۆل | 11:30 |
| ریال مەدرید - لاس پالماس | 11:30 |
| گرانادا - ئالاڤێس | 11:30 |
| **پێنجشەممە 2017/3/2** | |
| دیپۆرتیڤۆ - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:45 |
| سڤیلیا- ئەتلەتیک بلباو | 11:30 |
| **هەینی 2017/3/3 (هەفتەی 26)** | |
| ریال بیتیس - ریال سۆسیداد | 10:45 |
| **شەممە 2017/3/4** | |
| لیگانێس - گرانادا | 03:00 |
| ئیبار - ریال مەدرید | 06:15 |
| ڤیارِیال - ئیسپانیۆل | 08:30 |
| بارسیلۆنا - سێلتاڤیگۆ | 10:45 |
| **یەکشەممە 2017/3/5** | |
| خیخۆن - دیپۆرتیڤۆ | 02:00 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - ڤالنسیا | 06:15 |
| لاس پالماس - ئۆساسۆنا | 08:30 |
| ئەتلەتیک بلباو - مەلەگە | 10:45 |
| **دووشەممە 2017/3/6** | |
| ئالاڤێس - سڤیلیا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ریال مەدرید | 55 |
| 2 - بارسیلۆنا | 54 |
| 3 - سڤیلیا | 52 |
| 4 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 45 |
| 5 - ریال سۆسیداد | 44 |
| 6 - ڤیارِیال | 39 |
| 7 - ئیبار | 38 |
| 8 - ئەتلەتیک بلباو | 38 |
| 9 - ئیسپانیۆل | 35 |
| 10 - سێلتاڤیگۆ | 34 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - مێسی | بارسیلۆنا | 20 |
| 2 - سوارێز | بارسیلۆنا | 18 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 16 |
| 4 - ئەسپاس | سێلتاڤیگۆ | 13 |
| 5 - ئینریچ | ئیبار | 10 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 27)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2017/3/4** | |
| مانچێستەر یونایتد - بۆرنمۆس | 03:30 |
| لیستەر ستی - هاڵ ستی | 06:00 |
| ستۆک ستی - میدلزبرە | 06:00 |
| سوانزی ستی - بێرنلی | 06:00 |
| واتفۆرد - ساوسهامتۆن | 06:00 |
| وێست برۆمیچ - کریستال پالاس | 06:00 |
| لیڤەرپوول - ئارسیناڵ | 08:30 |
| **یەکشەممە 2017/3/5** | |
| تۆتێنهام - ئیڤێرتۆن | 04:30 |
| ساندێرلاند - مانچێستەر ستی | 07:00 |
| **دووشەممە 2017/3/6** | |
| وێستهام - چێلسی | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - چێلسی | 63 |
| 2 - تۆتێنهام | 53 |
| 3 - مانچێستەر ستی | 52 |
| 4 - ئارسیناڵ | 50 |
| 5 - لیڤەرپوول | 49 |
| 6 - مانچێستەر یونایتد | 48 |
| 7 - ئیڤێرتۆن | 44 |
| 8 - وێست برۆمیچ | 40 |
| 9 - وێستهام | 33 |
| 10 - ستۆک ستی | 32 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - سانچێز | ئارسیناڵ | 17 |
| 2 - کەین | تۆتێنهام | 17 |
| 3 - لۆکاکۆ | ئیڤێرتۆن | 17 |
| 4 - کۆستا | چێلسی | 16 |
| 5 - ئیبراهیمۆڤیچ | مانچێستەر یونایتد | 15 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (لیستەر ستی - لیڤەرپوول) دانراوە.

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 27)

| یاری | کات |
|---|---|
| **شەممە 2017/3/4** | |
| رۆما - ناپۆلی | 05:00 |
| سامپدۆریا - پیسکارا | 08:00 |
| میلان - ڤیرۆنا | 10:45 |
| **یەکشەممە 2017/3/5** | |
| ئەتەلانتا - فیۆرەنتینا | 02:30 |
| کالیاری - ئینتەرمیلان | 05:00 |
| کرۆتۆنی - ساسۆلۆ | 05:00 |
| ئیمپۆلی - جینەوا | 05:00 |
| تۆرینۆ - پالێرمۆ | 05:00 |
| ئۆدینێزی - یوڤانتۆس | 05:00 |
| بۆلۆنیا - لازیۆ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 66 |
| 2 - رۆما | 59 |
| 3 - ناپۆلی | 54 |
| 4 - ئەتەلانتا | 51 |
| 5 - لازیۆ | 50 |
| 6 - ئینتەرمیلان | 48 |
| 7 - میلان | 47 |
| 8 - فیۆرەنتینا | 40 |
| 9 - تۆرینۆ | 35 |
| 10 - سامپادۆریا | 35 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - هیگواین | یوڤانتۆس | 19 |
| 2 - دزیکۆ | رۆما | 19 |
| 3 - بیلۆتی | تۆرینۆ | 17 |
| 4 - مێرتێنس | ناپۆلی | 16 |
| 5 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 16 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (فیۆرەنتینا - تۆرینۆ) دانراوە.

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 28)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2017/3/3** | |
| بۆردۆ - لیۆن | 10:45 |
| **شەممە 2017/3/4** | |
| پاریس سانجێرمان - نانس | 07:00 |
| باستیا - سانت ئیتیان | 10:00 |
| دیجۆن - نیس | 10:00 |
| میتز - رین | 10:00 |
| مۆنپیلیە - گانگۆن | 10:00 |
| کان - ئەنجی | 10:00 |
| **یەکشەممە 2017/3/5** | |
| لۆریان - مارسیلیا | 05:00 |
| تۆلۆز - لیل | 07:00 |
| مۆناکۆ - نانت | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مۆناکۆ | 62 |
| 2 - پاریس سانجێرمان | 59 |
| 3 - نیس | 59 |
| 4 - لیۆن | 46 |
| 5 - بۆردۆ | 42 |
| 6 - سانت ئیتیان | 39 |
| 7 - مارسیلیا | 39 |
| 8 - رین | 36 |
| 9 - تۆلۆز | 35 |
| 10 - گانگۆن | 34 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 26 |
| 2 - لاکازیتی | لیۆن | 22 |
| 3 - فالکاو | مۆناکۆ | 16 |
| 4 - گۆمێز | مارسیلیا | 16 |
| 5 - ئەلحەسەن | نیس | 11 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 23)

| یاری | کات |
|---|---|
| **هەینی 2017/3/3** | |
| ئۆگسبۆرگ - لایپزیگ | 10:30 |
| **شەممە 2017/3/4** | |
| بورۆسیا دۆرتمۆند - بایرلیڤەرکۆزن | 05:30 |
| ڤێردەربرێمەن - دارمشتات | 05:30 |
| کۆڵن - بایرن میونشن | 05:30 |
| ماینز - فۆلفسبۆرگ | 05:30 |
| هۆفنهایم - ئینگۆلشتات | 05:30 |
| مونشنگلادباخ - شاڵکە | 08:30 |
| **یەکشەممە 2017/3/5** | |
| فرانکفۆرت - فرایبۆرگ | 05:30 |
| هامبۆرگ - هێرتا بەرلین | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 53 |
| 2 - لایپزیگ | 48 |
| 3 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 40 |
| 4 - هۆفنهایم | 38 |
| 5 - هێرتا بەرلین | 37 |
| 6 - فرانکفۆرت | 35 |
| 7 - کۆڵن | 33 |
| 8 - بایرلیڤەرکۆزن | 30 |
| 9 - فرایبۆرگ | 30 |
| 10 - مونشنگلادباخ | 29 |

| یاریزان | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 19 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 19 |
| 3 - مۆدیست | کۆڵن | 17 |
| 4 - وێرنەر | لایپزیگ | 13 |
| 5 - واگنەر | هۆفنهایم | 10 |

## جامی ئەڵمانیا (قۆناخی 8)

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2017/2/28** | |
| فرانکفۆرت - ئەرمینیا بیلیفێلد | 08:30 |
| شبۆرتفرۆیندە - بورۆسیا دۆرتمۆند | 10:45 |
| **چوارشەممە 2017/3/1** | |
| هامبۆرگ - بورۆسیا مۆنشنگلادباخ | 08:30 |
| بایرن میونشن - شاڵکە | 10:45 |

## جامی فەرەنسا

| یاری | کات |
|---|---|
| **سێشەممە 2017/2/28** | |
| فریجۆس - ئۆکسێر | 08:00 |
| باستیا - ئەنجی | 08:00 |
| بۆردۆ - لۆریان | 11:00 |
| **چوارشەممە 2017/3/1** | |
| نیۆر - پاریس سانجێرمان | 08:30 |
| کویڤیلی - گانگۆن | 08:30 |
| ئەڤرانچ - ستراسبۆرگ | 08:30 |
| مارسیلیا - مۆناکۆ | 11:05 |
| **پێنجشەممە 2017/3/2** | |
| بیرگراک - لیل | 11:00 |

## یارییە گرنگەکان

- مانچێستەر ستی - هێدرسفیلد تاون | جامی ئینگلتەرا | چوارشەممە 1/3/2017 | 10:45
- بایرن میونشن - شاڵکە | جامی ئەڵمانیا | چوارشەممە 1/3/2017 | 10:45
- رۆما - ناپۆلی | خولی ئیتاڵیا | شەممە 4/3/2017 | 05:00
- بورۆسیا دۆرتمۆند - بایرلیڤەرکۆزن | خولی ئەڵمانیا | شەممە 4/3/2017 | 05:30
- ئیبار - ریال مەدرید | خولی ئیسپانیا | شەممە 4/3/2017 | 06:15
- لیڤەرپوول - ئارسیناڵ | خولی ئینگلتەرا | شەممە 4/3/2017 | 08:30
- بارسیلۆنا - سێلتاڤیگۆ | خولی ئیسپانیا | شەممە 4/3/2017 | 10:45
- تۆتێنهام - ئیڤێرتۆن | خولی ئینگلتەرا | یەکشەممە 5/3/2017 | 04:30

ژمارە ( 439 )
سێشەممە 2017/2/28



## دڵنیای دەکاتەوە

جواو کانسیلۆی یاریزانی پورتوگالی یانەی ڤالنسیای ئیسپانی نهێنییەکی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی بۆ هاورێیەکەی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی رکابەری بارسێلۆنا ئاشکرا دەکات و لەوە دڵنیای دەکاتەوە کە ناچێتە ریزەکانی بارسا. لەو بارەوە رۆژنامەکانی پورتوگال ئاشکرایانکرد لەدوای یاری ڤالنسیا و ریال مەدرید، رۆناڵدۆ و کانسیلۆ پێکەوە قسەیان کردووە «رۆناڵدۆ لێیپرسیوە بەڕاستی دەتەوێت بچیتە بارسا؟ کانسیلۆش لە وەڵامدا پێیگوتووە ئەمە هەرگیز روونادات، چونکە ڤالنسیا داوای 30 ملیۆن یۆرۆی لە بارسا کردووە».



ئیحسان تاهیر

# با وەک کەرکووکییەکە بیر بکەینەوە

چەندە نیگەران، بێئومێد و رەشبین بووم لە رووداوەکانی یاری زاخۆ و کەرکووک، هێندەو زیاتریش دڵخۆش و گەشبین بووم، بەو دیمەنەی کە هاندەرێکی یانەی کەرکووک دوای یاری نێوان کەرکووک و ئاراارات بە پێشکەشکردنی گوڵ ماڵئاوایی لە یانەی ئاراارات دەکات و یانەکە لە کەرکووکەوە بەرەو پیرمام بەرێدەکات.

راستە مرۆڤ پێویستە هیچ کات رەشبین نەبێت، دەبێ لە خراپترین بارودۆخەکانیشدا هەردەم بە ئومێد و جۆرێک لە گەشبینییەوە بژیت، بەڵام بارودۆخی ئەم چەند ساڵەی وەرزشیی کوردستان، بەتایبەتیش تۆپی پێ، تەواو بێئومێدی کردبووم، بێگومان ئەوەش لە سایەی نەبوونی هیچ پلان و سیستمێک بۆ وەرزش لەم وڵاتەدا، بێدەستەڵاتی دەزگاکانی پەیوەندیدار و بەرپرس لە وەرزش، نەبوونی هیچ هۆشیارییەکی وەرزشیی لای یاریزان تا دەگاتە هاندەری وەرزشیی و بەرپرسانی وەرزش و لەو لاوە تاوەکو دەگاتەوە فەیسبووک، کە هەر کەسێک سەیری کاردانەوەی فەیسبووکچی کورد بکات لەبارەی رووداوەکان، نەک بێئومێد دەبێت، بەڵکو شێت و سەرگەردان دەبێت.

ئاخر چۆن شێت نابیت، کەسێک لەنێو یاریگەدا ناهەقی دەکات، هەموو کورد وەک بەزمی سیاسەت و حزبەکان دەبێتە دوو بەش، ئینجا جەنگی جیهانی جنێودان و یەکدی سووککردن لە فەیسبووک دەستپێدەکات، بەشێکیان پارێزگاری لە ناهەقییەکە دەکات و بەشێکیش پشتگیری لەوەی ناهەقیی لەبارەوە کراوە دەکات، کارەسات لەوەدایە ئەم پارێزگاری و پشتگیریلێکردنە تەنیا لەسەر بنەما بێماناکانە، ئەوانەی چەندین ساڵە هۆکاری مەینەتییەکانی کوردن، کە بێگومان ئەم رووداو و ئەم کاردانەوانەی سەر فەیسبووک هەمیشە کاریگەرییەکی مەترسیدار بوونە بۆ سەر زیاتر شێواندن و شلۆقاندنی گۆمی ناتەبایی و ناوچەگەری و شارچییەتی و تەنانەت لەهجەگەریش، هەمیشە هەڕەشە بوونە بۆ سەر ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، ئینجا نەزانین و خراپ مامەڵەکردنی لایەنە بەرپرسەکانی وەرزش و میدیای وەرزشیش هێندەی دیکە کێشەکانس ئاڵۆزتر کردووە، بۆیە چەندین ساڵە شەڕ و ئاژاوەو جنێودان و دروشمی ناوچەگەری و شارچییەتی دیارترین دیاردەی نێو یاریگەکانمانن.

ئەمە واقیعێکی تاڵە، کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، بەڵام بەڕاستی ئەو هاندەرەی کەرکووک، هیوایەکی پێبەخشیمەوە، ئیدی لەوە تێگەیشتم کە نابێ مرۆڤ بەتەواوی بێئومێد و رەشبین بێت، ئەو تێیگەیاندم کە هێشتا خەڵکی هۆشیار و نیازپاک و جوان لەم کۆمەڵگایەداو لەنێو هاندەران و وەرزشوانانی کوردستاندا زۆرن، ئەگەرچی ئێستا بەهۆی زۆری ژمارەی ناهۆشیارەکانەوە دەرناکەون، بەڵام ئەو رۆژە دێت کە زۆر لە ناهۆشیارەکان بە بینینی هەڵویستە جوانەکانی وەک ئەوەی هاندەرە گوڵ بەخشەکەی کەرکووک کردی، هۆشیار دەبن و ئیدی هۆشیارەکان لە ناهۆشیارەکان زیاتر دەبن و لە ئەنجامدا کارە ناشیرین و هەڵوێستە قێزەوەنەکان شەرم دەکەن لە حزووری هەڵوێست و کارە جوانەکاندا سەر دەربکەن، وەرزش و یاریزانان و راهێنەر و بەرپرسانی وەرزشیی و هاندەرانیشمان پەیتا پەیتا هەنگاو دەنێن بەرەو بیرکردنەوە وەک گەلانی پێشکەوتوو و تێگەیشتوو.

خۆ لە یاری شێروانە و زاخۆشدا هەڵوێستێکی جوان و دڵخۆشکەرمان بینی، کە وەک خولەکانی ئەورووپا و جیهان، منداڵان لەگەڵ یاریزانان هاتنە نێو یاریگە، کە هەریەکێکیان گوڵێکی بەدەستەوە بوو، لە کاتی ریزبوونی هەردوو تیپەکەدا گوڵەکان بەسەر یاریزانانی هەردوو تیپدا دابەشکران، ئینجا هەر یاریزانێکی زاخۆش ملپێچێکی، کە لۆگۆ و ناوی زاخۆی لەسەربوو، لە ملی یاریزانێکی شێروانە کرد. بێگومان لەداهاتوودا چەندە ئەم جۆرە هەڵوێستە جوانانە لەنێو یاریگەکانماندا ببینین، ئەوەندە ئومێدەکانمان باشتر گەشە دەکەن و گەورەتر دەبن.

## بە تۆمارکردنی گۆڵێک لە چامپیۆنزلیگدا..

# سانی ژیانی کەسێکی تێکدا




**رووداوی وەرزشی ـ DW**

لۆروا سانی، هێرشبەری ئەڵمانی یانەی مانچێستەر ستی ئینگلیزی، زۆر بەو گۆڵە دڵخۆش بوو، کە لە هەفتەی رابردوودا لە چوارچێوەی یارییەکانی گرێ چوونی قۆناخی 16ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لە تۆڕی گۆڵی یانەی مۆناکۆی فەرەنسی تۆماریکرد، بەڵام ژیانی گرەوکارێکی تێکدا.

ئەو دڵخۆشییەی سانی هۆکاری خەمبارییی گرەوکارێک بوو، کە تویتێکی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی بڵاوکردەوەو تێیدا سەلماندی، گۆڵەکەی سانی کە ژمارەی 5 بوو لە تۆڕی مۆناکۆ، بێبەشیکرد لەوەی بڕی 34 هەزار یۆرۆ بباتەوە. گرەوکارەکە لە ئەنجامی یاری یەکەم لەنێوان بایرلیڤەرکۆزنی ئەڵمانی و مێوانەکەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی سەرکەوتوو بوو، کە بە بردنەوەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بە ئەنجامی 4 ـ 2 گۆڵ کۆتایی هات، بەڵام گرەوی لەسەر بردنەوەی مانچێستەر ستی بە ئەنجامی 4 ـ 3 گۆڵ کردبوو، بەڵام گۆڵەکەی سانی لێنەگەڕا خەونەکەی بێتەدی.

دواتر لۆروا سانی نامەیەکی پۆزشهێنانەوەی لەسەر شێوەی گاڵتەیەک بڵاوکردەوە، لەسەر ئەژماری خۆی لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر و تێیدا نووسیبووی «لە رێگەی رۆژنامەکانەوە بە هەواڵەکەم زانی، داوای لێبوردن لەو گرەوکەرە دەکەم».


## پێشبڕکێ



### بە کورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

**سەلمان هادی لە هەڵەبجەی شەهید**

بە لێدوانی:

**(ئەمانە بیل و پاچن، قولاپی دەست و قاچن)**

ژمارە ( 439 )
سێشەممە 2017/2/28

## LOTTO 5 پەنجاو پێنجەمین پێشبڕکێ

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................................

مۆبایل : ..............................................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە






هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولرەحمان

RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net